حکومەتی هەرێمی کوردستان
حكومة إقليم كوردستان
KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT

# وەڵامی راپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ ساڵی ٢٠١٨ لەژێر ناوی " بازرگانی بە مرۆڤەوە"

## ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێم

## (لیژنەی وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان)

## 2021 Updated

**پێشەکی:**

وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە مانگی حوزەیراندا دواین راپۆرتی خۆی سەبارەت بە رەوشی مافی مرۆڤ و بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە سەرانسەری جیهان لەژێر ناوی "بازرگانی بەمرۆڤ" بۆ ساڵی ٢٠١٨ بڵاوکردەوە و عێراق و هەرێمی کوردستانیش لەو شوێنانەن کە لە راپۆرتەکەدا باسیان کراوە.

لەم راپۆرتەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا چەندین تۆمەتی داوەتە پاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و باس لەوە دەکات کە دیاردەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان دیاردەیەکی زۆر باوە و لەبەر ئەوەی هەرێم هیچ یاسایەکی نیە بۆ دژایەتی کردن و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤ ئەم دیاردەیە بەردەوام لە تەشەنەسەندن دایە. لەم راپۆرتەدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە جددی جەختی خستووەتە سەر کەمپی ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و ناچارکردنی ژنان و کچانی ئەم کەمپانە بۆ فرۆشتنی لەشیان و سواڵپێکردن بە منداڵان کە تێیدا بەرپرسانی ئاسایش و کارمەندانی ئەم کەمپانە تۆمەتبار دەکات و پێی وایە کە ئەوان بە هەموو شێوەیەک هاوکاری تاوانبارانن بۆ دەستدرێژی کردنە سەر ژن و کچانی کەمپەکان بەڵام وەک پێویست باس لە هەوڵەکانی حکومەت نەکراوە بۆ یارمەتیدانی ئاوارە و پەنابەران و گێرانەوەی ئەو ژن و کچانەی دەستدرێژیان کراوەتە سەر بۆ ناو کۆمەڵگا، هەروەها رەخنەیەکی زۆر لە پەکەکە گیردراوە کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتدا منداڵی خوار هەژدە ساڵ بەکار دەهێنێت.

پاش لێکۆڵینەوەی تەواو لە بارەی رەوشی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان و بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە و دوای پەیوەندی کردن بە داموەزگا پەیوەندیدارە حکومییەکان، وەڵامێکی تێروتەسەلمان سەبارەت بەو گلەیی و تێبینیانەی کە لەم رووەوە لەسەر هەرێمی کوردستان خراونەتە روو ئامادەکردووە. ئەمە لە کاتێکدایە لە رابردووشدا، وەک ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتیەکان سەر بە ئەنجومەنی وەزیران بەردەوام وەڵام و روونکردنەوە و بەدواداچوونی پێویستمان داوە بۆ مەبەستی وردبوونەوە لەو رەخنە و سەرنج و تێبینیانەی کە ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراون.

**<u>یاسای تایبەت بە ڕێگری کردن لە بازرگانی بە مرۆڤەوە:</u>** ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات لە هەرێمی کوردستاندا هیچ یاسایەک نییە تایبەت بێت بەرێگریکردن لەهەموو جۆرەکانی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، هەروەها لەم هەرێمە یاسایەکی تایبەت بەم بابەتە بۆ دادگایی کردن و لێپێچینەوە لەو کەسانەی بازرگانی بە ژیانی مرۆڤەوە دەکەن و بۆ پاڵپشتی لە قوربانییەکان پەسەند نەکراوە. ئەمە لە کاتێکدایە لە عێراق یاسای ڕێگریکردن لە بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە هەیە بەڵام یاساکە لە هەرێمی کوردستان جێبەجێ ناکرێت.

هەندێک لەو تۆمەتانە کە لایەنە نێودەوڵەتییەکان ئاراستەی حکومەتی دەکەن بێبنەمان و هیچ سەرچاوە و بەڵگەیەکی ئەوتۆ نییە بۆ پشتڕاست کردنەوەی تۆمەتەکان، چوونکە ئەگەر چی یاسایەکی تایبەت نییە لە هەرێم بەڵام بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە هەرێم یاسای ژمارە (١١١)ی ساڵی ١٩٦٩، یاسای سزای عێراقی جێبەجێ دەکرێت و لە دەرەوەی هەرێمیش یاسای بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە ٢٨ی ساڵی ٢٠١٢ کاری پێ دەکرێت و ئەو کەسانەی بازرگانی بە مرۆڤەوە بکەن بەپێی یاسا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و سزا دەدرێن هەروەها لەساڵی(٢٠١٥)پرۆژە یاسایەک لەم بارەیەوە دراوەتە پەرلەمانی کوردستان ،بەڵام ئەویش تاکو ئێستا نەبۆتە یاسا.

بۆ مەبەستی ڕووبەڕوو بوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤەوە بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (٩٣٨٦ لە ٢٠١٦/٥/٣١) حکومەتی هەرێم چەند لیژنەیەکی لاوەکی لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) پێکهێناوە.

**<u>ئەو ڕێکارانەی لیژنەکان بۆ بەرەنگار بوونەوەی بازرگانی بە مرۆڤەوە دەیگرنەبەر:</u>**

- پێکهێنانی لیژنە لاوەکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ لە پارێزگاکانی (هەولێر، دهۆک، سلێمانی) بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە ( ٩٣٨٦لە ٢٠١٦/٥/٣١).
- دەرکردنی ڕێنمایی تایبەت بە کاری لیژنە لاوەکیەکان لە پارێزگاکان بە پێی فەرمانی وەزاری ژمارە (١٢٠٦٤ لە ٢٠١٦/٧/٢٥).
- لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١٠/١٦ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان ئەنجامدرا لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی دادوەری لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار درا لەسەر دانانی دادوەری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مافی مرۆڤ بە نووسراوی ئەنجومەنی دادوەری ژمارە (١٧٤٨ لە ٢٠١٦/١٢/١٥)
- دوا بە دوای ڕەزامەندی ئەنجومەنی دادوەری بە دانانی دادوەری بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە مرۆڤ وەزارەتی ناوخۆ هەڵسا بە هێنانە کایەی هۆبەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ بە پێی فەرمانی وەزاری (٢١١١٥ لە ٢٠١٦/١٢/٢٨) و دانانی دوو ئەفسەری لێکۆڵینەوە بۆ هەر هۆبەیەک لە پارێزگاکانی (هەولێر،

سلێمانی، دهۆک) بە یەکێکیان ئەفسەری ئافرەت لەبەر ئەوەی چەندین کەیسی ئەم بازرگانیە قوربانیەکانی ئافرەتن.

- هێنانە کایەی سیستمی ڤیزە ئۆنلاین کە بە شێوەیەکی مۆدێرن و پرۆفیشناڵانە کاردەکات و کۆنترۆڵی گشت سپۆنسەری کەسە بیانیەکان دەکات و وە ئەم سیستەمە لە کاتی پێدانی لە نێوان (٣٠-٥٠) ڤیزە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی سیستەمەکە رادەوەستێت چونکە هەر کۆمپانیایەک کۆدی تایبەتی خۆی پێدەدرێت و ئەم کۆدە بە پێی ئەو ژمارەیەی سەرەوە کاردەکات دەبێت سپۆنسەر یان کۆمپانیا چارەنووسی ئەو کەسانەی کە ڤیزەی بۆ وەرگرتوون یەکلایی بکاتەوە و پاشان کۆدەکەی دەخرێتەوە کار بە پێچەوانەوە رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت و ئەم سیستەمە بووەتە هۆی کەم کردنەوەی هەندێک لە کارەکانی لیژنەی باڵا و لاوەکیەکان.
- داڕشتنی گرێبەستێکی کاری ستاندارد بە هەرسێ زمانی (کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی) لە ڕێگای لیژنەیەکەوە کە پێکهاتبوو بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٥٢٤٠ لە ٢٠١٦/٩/٢١) و هەر کرێکارێکی بیانی کە داوای ڤیزەی بۆ دەکرێت بە مەبەستی کارکردن لە هەرێم پێویستە ئەم گرێبەستە بخوێنێتەوە و پەنجەمۆر پەسندی بکات پێش ئەوەی لە ووڵاتی خۆی جوولە بکات و لە ڕێگای ئیمێل دەنێردرێتەوە و لە وەزارەتی کار پەسند دەکرێت و دەبێتە یەکێک لەو دیکۆمێنتە پێویستانەی وەرگرتنی ڤیزە.
- وەزارەتی ناوخۆ ڕێککەوتننامەیەکی واژوو کردووە لەگەڵ زانکۆی (ڤان گارد) لە کالیفۆرنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە مەبەستی ئەنجامدانی خولێکی (٣) مانگی بۆ لیژنەی باڵا و لاوەکییەکان لە ڕێگای ڤیدیۆ کۆنفرانس.
- وەزارەتی ناوخۆ یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنی لەگەڵ ڕێخراوی (سیید- SEED)ی ئەمریکی ئیمزا کرد بە مەبەستی دامەزراندنی شێڵتەرێک بۆ حەواندنەوەی ئەو ئافرەتانەی کە بازرگانیان پێوە دەکرێت تاکو یەکلایی کردنەوەی کێشەکانیان.
- کار لەسەر دیزاینی (٢)پرۆژەی گرنگ دەکرێت کە زۆر کاریگەری دەبێت لەسەر چاودێری کردن و سنوردارکردنی ئەم بازرگانیە لە هەرێمی کوردستان، یەکەمیان (سیستەمی ئاگادار کردنەوە-Call Center) کە بە پێی ئەم سیستەمە سپۆنسەری کەسی بیانی پێش کۆتایی هاتنی وادەی ڤیزەکە بە (٧٢) کاتژمێر ئاگادار دەکرێتەوە لە ڕێگای (SMSوE-mail) کە دەبێت چارەنووسیان یەکلایی بکاتەوە بە گەڕاندنەوەیان یان ئەنجامدانی نشینگە، دووەمیان (سیستەمی بەستنەوەی ئەلیکترۆنی هاتنەژوورەوە- Arrival) لەگەڵ سیستەمی چوونە دەرەوە (Departure) لە گشت خاڵە سنورییەکان بە فڕۆکەخانەکانیشەوە و بەستنەوەی بە وەزارەتی ناوخۆ بە شێوەی کە هەر کەسێک نەگەڕێتەوە لە سیستەمی ڤیزەی ئەلیکترۆنی دیار دەکەوێت و ئاگاداری کارمەندی تایبەت دەکرێتەوە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە کار.
- هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ بۆ دەرکردنی ڕێنمای نوێی پێدانی ڤیزە و نیشینگە لە هەرێمی کوردستان کە بە بەیانی ژمارە (٧) ساڵی ٢٠١٧ دەرچوو وە زۆر برگەی تێدایە کە ڕێگرە لە بازرگانی کردن بە مرۆڤ.

- بلاک لیست کردن و راگرتنی کارەکانی (٣٨) کۆمپانیا لەبەر ئەوەی پابەند نەبوونە بە ڕێنماییەکان و چارەنووسی کرێکارە بینییەکانیان یەکلایی نەکردۆتەوە بۆ ماوەی جیا جیا.
- سزادانی دارایی (٦) کۆمپانیا بە بری دوانزە ملیۆن دینار بۆ هەر کۆمپانیایەک بە هۆی سەرپێچی کردن.

**<u>جۆرەکانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ لە هەرێمی کوردستان:</u>**

**<u>فرۆشتنەوەی کرێکاری بیانی:</u>** چەندین حاڵەتی دەستاودەستکردنی کرێکاری بیانی لە کۆمپانیایەک یان کەسێک بۆ کەسێکی دیکە تۆمار کراوە بەبێ ویستی خۆی. بۆ نموونە کۆمپانیانی (L&F) بۆ بازرگانی گشتی هەستاوە بەدەرهێنانی کارتی نشینگە بۆ (125) کەسی بیانی بەرەگەزنامەی جیاجیا بەڵام هیچ یەکێک لەم کرێکارانە لای خۆیان کار ناکەن و بەڤیزەی ئەوان نەهاتوون کە ئەمانەی خوارەوە چەند تێبینییەک بوون لەسەر کۆمپانیای ناوبراو .

- کۆمپانیای ناوبراو کۆمپانیایەکی گشتییە و مۆڵەتی ڤیزە و دەرهێنانی کارتی نشینگەی نییە بەڵام لە دەرەوەی ڕێنمایی وەزارەتی ناوخۆ هەڵدەستێت بەدەرهێنانی کارتی نیشینگە بۆ کەسانی بیانی کە هیچ پەیوەندییەکیان بەم کۆمپانیایەوە نییە.

- بەپێچەوانەی یاسا و ڕێنمایی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کۆمپانیای ناوبراو بەبێ بوونی مۆڵەتی یاسایی هەمان کاری کۆمپانیاکانی هێنانی کرێکاری بیانی ئەنجام دەدات.

- ئەنجامدانی چەند گرێبەستێکی نایاسایی و ناڕون لەدەرەوەی یاساو بوونی چەند خاڵێکی گرێبەست لە بەندەکانی یاسای کار هەرچەند خودی گرێبەستەکان نایاسایین چونکە کۆمپانیای ناوبراو ئەو مافەی نییە بەهۆی نەبوونی کۆمپانیا و هەبوونی کەموکوڕی ڕێوشوێنی یاسایی لەگەڵدا وەرگیراوە و بلاک لیست کرا.

**<u>گواستنەوەی مرۆڤ لەڕێگای قاچاغ:</u>** بەهۆی خراپی بارودۆخی چەند وڵاتێک لەدەوروبەری هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە سووریا چەندین باندی بەقاچاغبردنی مرۆڤ بۆ وڵاتانی ئەوروپا پەیدا بوون، ئەو پەنابەرە سووریانەی کە نیشتەجێی هەرێمی کوردستانن یان نیشتەجێی وڵاتی سووریان کە مرۆڤ بەقاچاغ دەبەن بۆ ئەوروپا لە ڕێگای هەرێمی کوردستان و تورکیا بۆ نموونە، دەستگیرکردنی قاچاغچییەکی بەرەگەز سووری لە هەولێر کە کاری بەقاچابردنی نزیکەی (35) سووری دانیشتووی کەمپی پەنابەران لەهەرێمی کوردستان، و ئەو هاوڵاتییە سووریانەی کە بەڤیزای هەرێم هێنراون بۆ کوردستان بەمەبەستی سەردان دواتر بەقاچاغ بردراون و گشت ئەو هاوڵاتیانەی لەسەر سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا دەستگیرکران و دوای لێکۆڵینەوە گەڕێندرانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان، هەروەها دەستگیرکردنی کەسێکی بەرەگەز تورک

بەناوی (س. ع. ح) کە کاری بەقاچاغبردنی مرۆڤ دەکات لەشاری سلێمانی کە چەندین هاوڵاتی سووری بەقاچاغ بردووە بۆ وڵاتی تورکیا .

**کارپێکردنی کرێکارو پێنەدانی مووچەکەی:** چەندین سکاڵا لەهۆبەکانی لێکۆڵینەوە لەبازرگانیکردن بەمرۆڤ تۆمار کراون لەسەر کاپێکردنی کرێکاری بیانی و نەدانی مووچەکەی لەلایەن خاوەن کارەکەی، بۆ نموونە هاوڵاتی بیانی بەرەگەز (نیپاڵی) بەناوی (L.T)  سکاڵای هەبوو لەدژی خاوەن ماڵ بەناوی (ش.ب) لەبەر ئەوەی مووچەی مانگانەی پێنەدابوو، سکاڵای بەپێی مادەی (240) لەسەر تۆمار کرد، دوای وەرگرتنەوەی مووچەکانی، بەهاوکاری رێکخراوی (ئای ئۆ ئێم) گەڕایەوە وڵاتی خۆی.

**بازرگانیکردن بە ئافرەت بەمەبەستی کاری سێکسی:** چەندین حاڵەتی بەکارهێنانی ئافرەت بەمەبەستی کاری سێکسی لەبنکەکانی نەهێشتنی تاوان و هۆبەکانی بازرگانیکردن بەمرۆڤ تۆمارکراون و تاوانباران دەستگیرکراون و بەپێی یاسای (قانون مكافحه البغاء) ژمارە 4ی ساڵی 1988 رێکاری یاساییان بەرانبەر وەرگیراوە و زۆربەی ئەو حاڵەتانەی تۆمارکراون تاوانبار و ئەو ئافرەتەی بازرگانی پێکراوە لەناوچەکانی دیکەی عێراق و سووریا هاتوونەتە هەرێمی کوردستان بۆ نموونە: تۆمەتباران بەناوەکانی (ش.م.ڤع.ص) بەپێی مادەی 3ی بەغداد لەهەولێر دەستگیر کران لەبەر ئەوەی هەستاون بەبازرگانیکردن بەئافرەتێک بەناوی (ن.ک) بۆ مەبەستی کاری سێکسی .

**کارپێکردنی کرێکاران بەبێ هەبوونی کارتی نشینگە و مۆڵەتی کارکردن** :یەکێک لەو کێشە سەرەکیانەی رووبەرووی لێژنەکان بۆتەوە کارپێکردنی کرێکاری بیانییە بەبێ هەبوونی بەڵگەنامەی یاسایی لەلایەن ئەو کۆمپانیانەی کە ئەم کەسە بیانیانەی هێناوە بەتایبەتی کۆمپانیای هێنانی دەستی کاری بیانی و هۆکاری ئەمەش خۆدزینەوە بووە لەدانی باج و رسومات و دەستەبەرکردنی کرێکاری بیانی و بەئاسانی فرۆشتنەوەیان بەلایەنی ترەوە، هەروەها لاوازی یاسای پێبژاردن کە تەنها بڕێکی زۆرکەم سزا دەدرا جا بۆ ماوەی چەند بمێنێتەوە، بەڵام ئەم یاسایە ئێستا توندترکراوە وە ئەم دیاردەیە زۆر کەمبووە بۆ نموونە :

کۆمپانیای (ل.ق) لەسەر داواکاری راستەوخۆی کونسوڵخانەی (فلیپین) لێژنەی لاوەکی هەولێر هەستا بەلێکۆڵینەوەو بەدواداچوون سەبارەت بەکێشەی (2) ئافرەتی فلیپینی بەناوەکانی (L.T) و (A.O) کە لەماڵان وەکو خزمەتکار کاریانکردووە بەبێ کارتی نشینگە بۆ ماوەی زیاتر لە (2) ساڵ و لەو ماوەیەدا دوچاری گرفتی زۆر بوون دوای لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون کێشەکانیان چارەسەرکراو ئەو دوو کەسە گەڕانەوە وڵاتی خۆیان و کۆمپانیاکە خرایە لیستی رەشەوە .

**بازرگانیکردن بەمنداڵ:** چەندین منداڵ لەو بوارەدا لەلایەن چەند کەسێکەوە بەمەبەستی سواڵپێکردن لەسەر شەقامەکاندا بەکارهاتوون کە تەمەنیان لەنێوان (8 تا 12) ساڵان بووە کە هەندێکیان خانەوادەی خودی منداڵەکان بوون و هەندێک لەو منداڵانە پەنابەری سووری و ئاوارەی عێراقی تێدایە، ئەو کەسانە دەستگیر کراون و لەلایەن دەزگا پەیوەندیدارەکان رێکاری یاسایی بەرانبەر ئەو تۆمەتبارانە وەرگیراوەکە ئەم منداڵانەیان بەکارهێناوە. ژمارەی ئەو منداڵانەی کە

لەتۆمارەکانی بنکەکانی پۆلیسی نەوجەوانان لەهەرێمی کوردستان تۆمارکراوون گەیشتووەتە (786) منداڵ کە تەمەنیان لەخوار (18) ساڵە .

**دەرەنجامی چالاکی لیژنە لاوەکییەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ:**

**یەکەم/ لیژنەی پارێزگای هەولێر:**

- بەدواداچوون بۆ کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتیانی بیانی و چارەسەرکردنیان بە هەماهەنگی لەگەڵ کونسوڵگەری وڵاتانی (فلیپین، ئوردن، میسر، هیند، سودان).
- بە هاوکاری ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (IOM) و کۆمپانیا سپۆنسەرەکان (٣٠) ئافرەت لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتان پارێزراو بوون و ڕەوانەی وڵاتەکانی خۆیان کرانەوە و کێشەکانیان چارەسەر کرا.
- رەوانە کردنی (٥٨) کۆمپانیای سپۆنسەر بۆ دادگای بازرگانی کردن بە مرۆڤ لەبەر ئەوەی سەرپێچییان کردبوو و بازرگانیان بە کرێکارانی بیانی کردبوو.
- چاوپێکەوتن لەگەڵ (9363) هاووڵاتی بیانی لە هەردوو رەگەز لە وڵاتانی جیاجیا و رێنمایی کردنیان کە لە کاتی رووبەڕووبوونەوەی هەر کێشە و بازرگانی پێکردنیان کە پەیوەندی بە لیژنەکەوە بکەن.
- (١٧٢) هاووڵاتی بیانی کە قوربانی بازرگانی کردن بوون بە مرۆڤ نێردران بۆ بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی هەولێر بە مەبەستی گەڕاندنەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان.

**دووەم/ لیژنەی پارێزگای سلێمانی:**

- سەردان و پشکنینی (١٠) کۆمپانیای سپۆنسەر ئەوانەی کرێکاری بیانیان هێنا بوو بۆ زانینی هەبوونی هەر گیروگرفتێک کە رووبەڕوویان دەبێتەوە و لەو میانەدا چاوپێکەوتن لەگەڵ (٥١٩) کرێکاری بیانی کراوە.
- لێکۆڵینەوە لەگەڵ چەندین لایەن کە لە رێگای کۆدی ڤیزەی تایبەت بە خۆیان کرێکاری بیانییان هێناوەتە کوردستان و رێوشوێنی پێویست بەرامبەر بە سەرپێچیکاران گیراوەتە بەر.

- هەر بیانییەک پەیوەندی کردبێت بە لیژنەکەوە ئەوا دەستبەجێ بەدواداچوونی بۆ کراوە و کێشەکانیان چارەسەر کراوە.

- سێ کرێکاری فلیپینی رەوانەی وڵاتی خۆیان کراونەتەوە بەپێی ئاگاداری نامەی باڵیۆزی فلیپین لە عێراق.

- کردنەوەی (٦) پەڕاوی لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ لەلایەن هۆبەی لێکۆڵینەوەی پارێزگای سلێمانی، لەوانە (٢) کەیسیان لە لێکۆڵینەوەدان و (٤) کەیسیان رەوانەی دادگای تایبەت بە بازرگانی کردن بە مرۆڤەوە کراون.

<u>**سێیەم/ لیژنەی پارێزگای دهۆک**</u>

- بەدواداچوون لەسەر چارەنووسی (٢١٩٧) کرێکاری بیانی کە هاتبوونە کوردستان لە رێگای کۆمپانیاکانی سنووری پارێزگای دهۆک.

- ناردنی (٦) ئافرەتی بیانی کە بازرگانییان پێوەکراوە بۆ سەنتەری (نەوا) بۆ داڵدەدانی ئافرەتان لە پارێزگای دهۆک.

- چارەسەر کردنی (٨) کەیسی کرێکاری بیانی لەگەڵ کۆمپانیا سپۆنسەرەکان کێشەکانیان چارەسەر کردوون.

- کردنەوەی (١٥) دۆسیەی لێکۆڵینەوە لە هۆبەی لێکۆڵینەوەی پارێزگای دهۆک کە (٧) کەیسیان چارەسەر کراون و (٧) کەیسیان لەژێر لێکۆڵینەوەداە و (١) کەیسیش رەوانەی قۆلیسی نەهێشتنی تاوان کراوە لە دهۆک.

- دیپۆرت کردنەوەی (١٢) تاوانباری بیانی پاش دەرچوونی بڕیاری دادگای لێکۆڵینەوە لە رێگای فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و خاڵی سنووری پیشابور.

- ناردنەوەی چوار ئافرەتی بیانی کە بازرگانیان پێوە کرابوو لەسەر داوای خۆیان بۆ وڵاتی خۆیان لە رێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر.

- ئەنجامدانی ٢٨ سەردانی لیژنە بۆ کۆمپانیا سپۆنسەرەکان بە مەبەستی بەدواداچوونی کارەکانیان و کێشەی هاووڵاتیانی بیانی.

<u>**رەوشی کرێکاران و کرێکاری بیانی:**</u> بەر لەو قەیرانە ئابوورییەی کە ماوەی دوو ساڵە هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە بوژانەوەیەکی زۆر لە هەرێمدا هەبوو و لە زۆربەی بوارەکاندا ئاوەدانکردنەوە هەبوو، بەجۆرێک جگە لە کرێکارانی ناوخۆ،

کرێکارانی ناوەڕاست و باشووری عێراق و تەنانەت کرێکاری بیانی لە وڵاتانی دەوروبەر و ناوچە جیاجیاکانیش روویان لە هەرێمی کوردستان کرد، رێکخستنی کاروباری ئەم کرێکارانە بە گشتی و چۆنیەتی زامنکردنی مافەکانیان لە هەموو رووبەکەوە پێویستی بە رێکخستن و گرتنەبەری چەند رێوشوێنێکی تایبەت هەبوو بەتایبەت لەلایەن ئەو وەزارەت و دامودەزگایانەی کە پەیوەندیدارن بەم بابەتەوە.

<u>**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (لایەنی پەیوەندیدار):**</u> بۆ پاراستنی مافی کرێکاران کار بە یاسای کاری عێراقی ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠١٥ دەکرێت، لەلایەکی ترەوە بۆ زیاتر گرنگیدان بە رەوشی کرێکاران و پاراستنی مافەکانیان یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە (39 ساڵی 1971)ی هەموارکراو کە دواتر بە یاسای ژمارە (4 ی ساڵی 2012) دەرچووە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ سەندیکای کرێکاران و ژووری بازرگانی و لایەنە پەیوەندیدارەکان.

مافی کرێکارانی بیانی پارێزراوە بەپێی یاسای ژمارە (4)ی ساڵی(2012) ئەوانیش یاسای خانەنشین و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بۆ کرێکاران، کرێکارانی بیانیش دەگرێتەوە بە مەبەستی پاراستنی مافەکانیان لە چوارچێوەی یاسا و رێنماییەکان. لە پارێزگاکان یاسای دادگای کار هەیە کە تایبەتمەندە بە یەکلاکردنەوەی کێشەی کرێکارەکان چ خۆماڵی بێت یان بیانی. بە مەرجێک ئەو کرێکارانە بە رێگای یاسایی بێنە هەرێم و بە ئاگاداری وەزارەت و بەپێی رێوشوێنە پەیڕەو کراوەکان، بەڵام وەزارەت بەرپرس نییە لەو کرێکارە بیانییانەی بە شێوەی نایاسایی و قاچاخ دێنە نێو هەرێمی کوردستانەوە. بەشێوەیەکی گشتی کرێکاری بیانی هەموو ئەو مافانە هەیە کەوا کرێکاری خۆماڵی هەیەتی لە رێنمایی ژمارە (2 ی ساڵی 2015) کە لەلایەن وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی دەرچووە دیاری کراوە .

کرێکارانی بیانی رێگەیان پێدراوە لە هەرێمی کوردستان کار بکەن و بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵێک رێوشوێن گیراوەتە بەر، بەر لە هاتنی کرێکارەکە بۆ ناو هەرێم هەروەها هەموو کرێکارێکی ئاوارەی عێراقی و پەنابەری بیانی مافی کارکردنیان لە هەرێمی کوردستان هەیە.

لە دوای ساڵی (2007)ــەوە تا ئێستا (49317) کرێکاری بیانی بەشێوەیەکی فەرمی هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و دوای هاتنیان لەلایەن فەرمانگەی نشینگە (اقامە)ی سەر بە وەزارەتی ناوخۆ ناویان تۆمار دەکرێ لەسەر ئەو کۆمپانیانەی کە دەیانهێنن و زانیاریان هەیە دەربارەی مانەوە و گەڕانەوەیان، هەروەها پشکنینی تایبەتیان بۆ ئەنجام دەدرێت و لەلایەن لێژنەی هاوبەشی هەردوو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆ بەدواداچوونی بۆ دەکرێ.

وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەکات کە هیچ ئامارێک لەبەر دەست نییە بە فەرمی لای وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لەسەر خراپ بەکارهێنانی کرێکاری بیانی, ئەگەر هەرکێشەیەک یا سکاڵایەک هەبێت کرێکاری بیانی دەتوانێت لە رێگای دادگای کار ( محکمە العمل) سکاڵا پێش کەش بکات. لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار و دەستە بەری کۆمەڵایەتی هێڵێکی پەیوەندی کردن هەیە بە ژمارە (٥٥٠٠) هەر کرێکارێکی ( بیانی بێت یاخود ناوخۆیی) دەتوانێت لە حاڵەتی هەر کارێکی نەشیاو بەرامبەری ئەنجام بدرێت پەیوەندی بکات و سکاڵای خۆی پێشکەش بکات. دوایی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی کار لە رێگای لیژنەی تایبەتەوە بە دوادا چوون بۆ سکاڵا کە دەکرێت .

ئاماژە بە یاسای کاری عێراقی ژمارە ( ٧١ ) لە ( ١٩٨٧ ) وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی ژمارە(٢) لە ساڵی (2015) لە هەرێمی کوردستان دەرکردووە کە تایبەتە بە هێنانی کرێکاری بیانی بۆ هەرێمی کوردستان. بە پێی ئەم ڕێنماییە هەموو ماف و بەرژەوەندییەکانی کرێکاری بیانی پارێزراوە و دەستەبەر کراوە، بەتایبەت ئەو کرێکارانەی لەڕێی کۆمپانیاکان و خاوەن کارەکانەوە داوا کراون بە مەرجێک کرێکارەکە بە یاسایی هاتبێتە کوردستانەوە نەک بەڕێگای نا یاسایی و قاچاخەوە.

ئەگەر کرێکارەکە تووشی کێشە بوو لەگەڵ خاوەن کار یاخود کۆمپانیاکە دەتوانێت کێشەکەی بخاتە بەردەم (دادگای کار ) لە دادگا تا بە گوێرەی یاسا چارەسەر بکرێت. لە ڕێگای دادگای کار دەتواندرێت ئامار دەست بکەوێت بە گوێرەی یاسای کار ژمارە ٧١ ساڵی ( ١٩٨٧ ) و ڕێنمایی ژمارە ( ٢ ) ساڵی ( ٢٠١٥ ) مافی کرێکاری بیانی پارێزراوە ، بۆ ئەو کرێکارە بیانییانەی کە تووشی کیشە و تاوان ئەبن لە ڕێگای دادگاو دەزگای پۆلیسەوە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت بەپێی یاسای سزادانی عێراقی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

**ئاماری ساڵانەی کرێکاران کە لە ڕێگای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتیەوە هاووردەی کوردستان بوونە**

| **ساڵ** | ئاماری ساڵانەی کرێکاری بیانی | | **کۆی گشتی** |
|---|---|---|---|
| | خزمەتکاری ناو ماڵ | کرێکاری پڕۆژەکان | |
| 2007 - 2008 | 491 | 512 | **1003** |
| 2009 | 474 | 1222 | **1696** |
| 2010 | 639 | 1549 | **2188** |
| 2011 | 744 | 2374 | **3118** |
| 2012 | 1784 | 5345 | **7129** |
| 2013 | 2942 | 3320 | **6262** |
| 2014 | 4435 | 4313 | **8748** |
| 2015 | 5169 | 5007 | **10176** |
| 2016 | 3882 | 1272 | **5154** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2017 | 2851 | 992 | **3843** |
| **سەرجەم** | 23411 | 25906 | **49317** |

پێدانی اقامە بە کرێکارانی بیانی بە پێی ڕێنمایی ژمارە (٢ی ساڵی ٢٠١٥) کاری لەسەر دەکرێت، پاش ئەوەی کۆمپانیاکە یان خاوەن کار داواکاری پێشکەش دەکات بۆ دابین کردنی کرێکار و جۆری پسپۆریەکەی دیاری دەکات لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاوی ئەکاتەوە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ ئەگەر لە کرێکاری ناوخۆی دەست نەکەوت پەنا دەبات بۆ هێنانی کرێکاری بیانی پاش ڕەزامەندی وەزارەتی کار وەزاەرتی ناوخۆ ڕەزامەندی کاری یاسایی بۆ اقامەی ئەنجام دەدات، کە خاوەن کار یا کۆمپانیاکە کەفالەتی بۆ دەکات.

هەر کرێکارێکی بیانی پاش تەواو بوونی ماوەی مانەوە بە پێی پێویستی خاوەن کار یاخود کۆمپانیاکە دەتوانێت ماوەکەی بۆ درێژ بکاتەوە یا کۆتایی بە اقامەکەی بهێنێت، سەرەتا هەموو کرێکارێک گرێبەستی خۆی لەگەڵ کۆمپانیا یاخود خاوەن کار واژۆ دەکات. بەڕێوەبەرایەتی کار و دەستەبەر کردنی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکان لیژنەی تایبەتیان هەیە سەردانی پرۆژەکان دەکەن و بەدواداچوون دەکەن بۆ کێشەی کرێکاران مەرجەکانی شوێنی کار کردن، هەر کرێکارێکی بیانی بووبێتە قوربانی یاخود بازرگانی پێوە کرابێت دەتوانێت سکاڵا پێشکەش بکات، یان دەتوانێت لە ڕێگای دادگای کار سکاڵای خۆی تۆمار بکات. وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی تەنها بەرپرسە لەو کرێکارە بیانیانەی کە بە شێوەیەکی فەرمی و بە یاسا هێنراونەتە هەرێمی کوردستان و ناویان لامان تۆمار کراوە. بەڵام ئەوانەی کە بە شێوازی نایاسایی هاتوونەتە کوردستان هیچ پەیوەندییەکیان بە وەزارەتمانەوە نییە و هیچ یاساو ڕێنماییەک نایان گرێتەوە . دەبێت وەزارەتی ناوخۆ و دەزگای ئاسایش بە گوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکات و ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان بکەنەوە .

**ئاماری سەرجەم پرۆژە و کرێکارانی دەستەبەرکراو بە پێی جۆر و ڕەگەز تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٧**

| **ژ** | **پارێزگا** | **ژمارەی سەرجەم کرێکارە دەستەبەرکراوەکان** | | **کۆ** | **ژمارەی سەرجەم پرۆژە دەستەبەرکراوەکان** |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ. هەولێر | **کرێکاری خۆماڵی** | **کرێکاری بیانی** | **30412** | **10025** |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | نێر | مێ | | |
| | | 25305 | 1895 | 2310 | 902 | | |
| | | 27200 | | 3212 | | | |
| 2 | پ.سلێمانی | 29189 | 6167 | 2031 | 441 | **37828** | **16243** |
| | | 35356 | | 2472 | | | |
| 3 | پ.دهۆک | 6665 | 688 | 757 | 122 | **8232** | **5985** |
| | | 7353 | | 879 | | | |
| | کۆ | **69909** | | **6563** | | **76472** | **32253** |

**<u>گیان لە دەستدانی کرێکاران</u>:** لە کاتی کارکردندا بەپێی ڕێنمایی ژمارە (22 ی ساڵی 1987) کە تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی دەرچووە سەبارەت شوێنی کارکردن، بەپێی ئەو ڕێنماییانە لە کاتی کارکردنی کرێکاران پێویستە گرنگی بە سەلامەتی پیشەییان بدرێ کە هەموو مەرجەکانی دابینکردنی پێداویستیەکانی سەلامەتی پیشەیی کرێکار تێیدا دیاری کراوە و خاوەن کار و کرێکار پێویستە پابەندبن و جێبەجێی بکەن. لە مادەی (7) بڕگەی (2) ی هەمان ڕێنماییدا هاتووە سەرپێچی کار بەپێی یاسای کاری عێراقی ژمارە (71) ساڵی 1987) مامەڵەی یاسایی لەگەڵدا دەکرێ . هەروەها لە کاتی کارکردن پێداویستی بۆ پاراستنی کرێکاران ئامادە بێت.

**<u>ڕێنماییەکانی هێنانی کرێکاری بیانی:</u>**

- لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی وەبەرهێنان: هەر کۆمپانیایەکی (ناوخۆ و بیانی) کە لە کوردستان کار دەکەن و پێویستی بە خزمەتگوزاری پسپۆری دەگمەن هەبێت ئەوا بۆی هەیە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی فەرمییەوە ئاگاداری خۆی بڵاوبکاتەوە ئەگەر لە ماوەی دیاریکراودا کەس نەهات بەدەم داواکارییەکانیانەوە ئەوا بۆی هەیە بەپێی ڕێنماییەکان لە دەرەوەی هەرێم کرێکار بهێنی.
- لەڕێگەی کۆمپانیا ڕێگەپێدراوەکانی هێنانی کرێکاری بیانی: ئەم کۆمپانیایانە مۆڵەتی کارکردنیان هەیە لە هەرێمی کوردستان ئەویش بەپێی یاسا و ڕێنماییەکان دەبێت. بەدەر لەم دوو ڕێگایە هاتنی کرێکاری بیانی بە نایاسایی ئەژمار دەکرێت و ڕەوانەی وڵاتانی خۆیان دەکرێنەوە.

- ئەو کرێکارە بیانیانە ئەگەر لە وڵاتی خۆیان دەستەبەری کۆمەڵایەتی (الضمان الاجتماعی)یان هەبێت کاتێک کە ڕووبەڕووی هەر کێشەیەک ببنەوە ئەوا بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان دەکرێت و ئەگەر نەیانبێت، ئەوا لە هەرێمی کوردستان بە پێی یاسا بۆیان دەکرێت و هەموو مافەکانیان بۆ دابین دەکرێت.
- هەر کۆمپانیایەک پێشێلکاری بکات بەرامبەر بە مافی کرێکاران چ خۆماڵی بێت یاخود بیانی ئەوا بە پێی یاسا و ڕێنماییەکان ڕێکاری یاساییان بەرامبەر گیردراوەتەبەر لەم بوارەوە بۆ پابەندبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان و کەموکوڕییەکانیان چارەسەر بکەن.

لیژنەکانی تایبەت بە تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی سەردانی شوێنی کارکردن دەکەن لە پرۆژەکان و ڕێنمایی و ئامۆژگاری خاوەن کارو کرێکارەکان دەکەن بۆ خۆپاراستن لە کارەساتی کتوپڕ لە کاتی کارکردن، هەروەها بنکەکانی خولی ڕاهێنانی پیشەیی لە پارێزگاکان بەردەوامن لە کردنەوەی خولی ڕاهێنانی پیشەیی بۆ کرێکاران و ئەوانەی بێکارن و دەیانەوێ بۆ فێربوونی پیشە و زیاتر شارەزابوون و گەشە پێدانی تواناکانیان بۆ فێر بوونی پیشە و ئامادە کردنیان بۆ کارکردن لە بازاڕی کاردا.

__ڕەوشی ژنان__: وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گرنگییەکی زۆر بە ڕەوشی ئافرەتان و منداڵان دەدات لە سەرتاسەری جیهان، لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم سەبارەت بەم پرسە و ئەو تێبینی و سەرنجانەی لە بارەی هەرێمی کوردستانەوە خراونەتەروو بەو شێوەیە سەرنج و تێبینییەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو:

__ئەنجوومەنی باڵای خانمان (لایەنی پەیوەندیدار):__ بە هۆی زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و هاتنی ژمارەیەکی زۆری ئاوارە و پەنابەر بۆ هەرێمی کوردستان و ئەو قەیرانە ئابوورییەی ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە، کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتیش ڕوو لە زیادبوونن وەک توندوتیژی خێزانی دژ بە ئافرەت، منداڵان، سواڵکردنی ئافرەتان و منداڵان و چەندین گرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی.

__وەزارەتی ناوخۆ (لایەنی پەیوەندیدار):__ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەردەوامە لە هەوڵی کەمکردنەوەی ڕێژەی توندوتیژی بە بڵاوکردنەوەی وشیاری، ئەنجامدانی خول و سمینار و وۆرك شۆپ، ناساندنی یاساکانی تایبەت بە ژنان، کردنەوەی نوسینگە و هۆبەی زیاتر لەو شوێنانەی کە پێویستن، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بە پاڵپشتی وەزارەتی ناوخۆ بەردەوام لە پەیوەندیدایە لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە وکەمو ورپەکان و دابینکردنی پێداویستیەکان و دروستکردنی تیم موبایل بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری و بەدواداچوونی کەیسەکان لەو شوێنانەی کە نوسینگە و هۆبەی بەرێوەبەرایەتییەکەی لێ نییە.

__بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان (لایەنی پەیوەندیدار):__ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە (6) بەڕێوبەرایەتی و (28) نوسینگە و چەندین هۆبە پێکهاتووە کە ساڵانە زیاتر لە (9000) سکاڵا لە بەڕێوەبەرایەتی و نووسینگەکانی سەر بەم بەڕێوەبەرایەتییە تۆمار دەکرێت لە هەرێمی کوردستان.

__یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان:__

- یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی ژمارە (8) ی ساڵی (2011) لە هەرێمی کوردستان – عێراق.
- یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە (111) ی ساڵی (1969) ی هەموارکراو بەکار لە هەرێمی کوردستان-عێراق.
- یاسای شێوازەکانی دادگایی کردنی سزایی ژمارە (23) ی ساڵی 1971) هەموارکراو.
- یاسای باری کەسێتی ژمارە (188) ی ساڵی (1959) هەموارکراو.
- یاسای ژمارە (15) ی ساڵی (2008) یاسای جێبەجێکردنی هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژمارە (188) ی ساڵی (1959) هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان- عێراق
- یاسایی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن ژمارە (6) ی ساڵی (2008) لە هەرێمی کوردستان- عێراق.
- یاساکانی تری بەرکار لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بەو حاڵەتانەی لە یاساکانی سەرەوە دەقی لەسەر نەهاتبێت.

**<u>میکانیزمی کارکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان:</u>**

- مامەڵەکردن لەگەڵ تاوانلێکراو وەك قوربانییەك که پێویستی به یارمەتی و پشتیوانی هەیە لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و یاساییەوە.
- مامەڵەکردن لەگەڵ حاڵەتەکانی دەستدرێژی (دەروونی ،جەستەیی، سێکسی) کاتێك لەلایەن یەکێك لە تاکەکانی خێزان دەکرێتە سەر یەکێکی تر لە ئەندامەکانی تاکو پلەی چوارەم.
- وەرگرتنی سکاڵا و هەواڵەکان لە بارەی توندوتیژی لەلایەن زیانلێکەوتوو یان ئەوەی بەپێی یاسا نوێنەرایەتی دەکات.
- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ قوربانی بۆ ئاگاداربوون لە کێشەکە و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پێویست بە گوێرەی حاڵەتەکان لەلایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و یاساناسان.
- ڕەوانەکردنی قوربانی بۆ نەخۆشخانە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی پزیشکی لە کاتی پێویست یان لەسەر داواکاری قوربانی.
- رەوانەکردنی قوربانی بۆ بنکەی داڵدەدان لە کاتی بوونی مەترسی لەسەر ژیانی بە بڕیاری دادوەر.
- تەرخانکردنی هێڵی گەرم بۆ وەڵامدانەوەی ئەو ئافرەتانەی سکاڵایان هەیە یان مەترسی توندوتیژیان لەسەرە بە ژمارە (199) لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان.
- بەدواداچوون بۆ کەیسەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ.
- ڕێکخستنی کارەکانی لێژنەکانی ئاشتەوایی لە ناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، گەرمیان، ڕاپەرین، سۆران).

بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی (UN) و کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ باشتر راپەراندنی کارەکان و زیاتر بە هانا چوونی کێشەکان لە نێو کەمپەکان (23) تیم مۆبایلیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە ئاگاداری خزمەت بە ئاوارە و پەناهەندەکان بکەن لە سەرجەم ئەو شار وشارۆچکانەی کە ئاوارە و پەناهەندەی تێدایە لە هەرێمی کوردستان، ساڵانە زیاتر لە (1500) کەیس تۆمار دەکرێت هەندێك لەو کەیسانە چارەسەر دەکرێت و هەندێکیان هەواڵە دەکرێت بۆ دادگا بۆ جێبەجێکردنی رێکارە یاساییەکان بۆ ئاوارە و پەناهەندەکان.

هەر لە چوارچێوەی کاری بەڕێوەبەرایەتی لەگەڵ (UN) و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رێگەی تیم مۆبایلەکانەوە ساڵانە چەندین سیمینار و وۆرك شۆپ و خول ئەنجام دەدرێت لە نێو کەمپەکان بۆ وشیارکردنەوە کە ساڵانە زیاتر لە دوازدە هەزارکەس لێی سوودمەند دەبن، بابەتەکانی سیمینارەکانیش جۆراوجۆرن وەك یاساکانی توندوتیژی خێزانی لە هەرێمی کوردستان – عێراق، یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی کردن، سەرهەڵدان و قۆناخەکانی توندوتیژی خێزانی و رێنمایی دەروونی کێشەی خێزان و کاریگەری لەسەر خێزان و منداڵ ...هتد لەگەڵ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری یاسایی و دەروونی.

بۆ زیاتر خزمەتکردنی ئاوارە و پەناهەندەکان ساڵانە زیاتر (100) خول سیمینار و وۆرك شۆپ بۆ ئەفسەر و کارمەندانی تیم مۆبایلەکان ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە خزمەت و هاوکاری بگەیەننە قوربانیەکان و کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکرێت.

**<u>دامەزراندنی سەنتەری راوێژکاری خێزانی لە دهۆك:</u>** بەڕێوبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ دهۆك سەنتەری راوێژکاری خێزانی دامەزراندووە کە لە کەسانی پسپۆری یاسایی و دەروونی پێکهاتووە بەردەوام لەخزمەت کردنی کەیسەکانی ژنانی ئێزیدی دایە، لەم رووەوە هاوکاری زیاتر لە (2000) ئافرەتی کردووە لەم ژمارەیە زیاتر لە (1000) ئافرەت تەمەنیان لە سەرووی (18) ساڵەوەیە ئەوەش بە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە وچارەسەرکردنیان و ئارام کردنەوەی لایەنی دەروونی لەلایەن پسپۆرانی دەروونناس و کۆمەڵناس، بۆ ئەم مەبەستەش بەڕێوەبەرایەتیمان سیمینار وۆرك شۆپ و خولی تایبەتی کردۆتەوە بۆ بە هاناوە هاتنیان و چۆنیەتی گەڕانەوە بۆ ناو کۆمەڵگا و سەردانی کردنیان.

**<u>بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی توندوتیژی (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** ئەنجامدانی چەندین سیمینار و وۆرك شۆپ لە قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستان کە تێیدا زیاتر لە (27000) کەس سوودمەند بوون لە ساڵێکدا، هەروەها بۆ هۆشیارکردنەوەی ئافرەتان لە توندوتیژی سێکسی و ناساندن چۆنیەتی خۆپاراستنیان لە کاتی رووبەڕووبونەوە و هەڕەشەی توندوتیژی سیکسی زیاتر لە (6000) کتێب و ناملیکە و پۆستەر و پرۆشۆر بڵاوکراوتەوە لە بارەی (چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی سێکسی لە دژی منداڵان ،گێچەڵی سێکسی، توندوتیژی سێکسی لە دژی ئافرەتان)، بۆ ئەم مەبەستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەهێشتنی توندتوتیژی بە هەماهەنگی وەزارەتی ئەوقاف و پیاوانی ئاینی زیاتر لە (10) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە لەگەڵ زیاتر لە (1000) مامۆستای ئایینی بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە کاتی وتاری ئاینی لە مزگەوتەکاندا، هەروەها ئەنجامدانی چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ شۆفێرانی تەکسی و پاسەکان بۆ هەمان مەبەست

**ڕەوشی شەڵتەرەکان :**زۆرێک لەو ئافرەتانەی کە ژیانیان مەترسی لەسەرە و ڕووبەڕووی توندوتیژی بوونەتەوە ڕەوانەی شەڵتەرەکان دەکرێن و داڵدە دەدرێن، بۆ ئەوەی بە تەواوی پارێزراوبن تا ئەو کاتەی مەترسی لەسەر ژیانیان نامێنێت. لایەنە پەیوەندیدارەکان سەبارەت بە ڕەوشی شەڵتەرەکان بەم شێوەیە دوان:

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی( لایەنی پەیوەندیدار):** بەپێی یاسای ژمارە(8)ی ساڵی 2011 (یاسای بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی) مامەڵە لەگەڵ هەموو جۆرە توندوتیژییەکی خێزانی دەکرێ بۆ پاراستنی ئەندامەکانی خێزان لە هەموو کارێکی نادروست و نەشیاو بە مەبەستی پاراستنی شیرازەی خێزان و لە ناویاندا ڕەگەزی مێینەو منداڵان، چونکە زۆربەی کاتەکان ئەم دوو چینە دەبنە قوربانی ئاژاوە و توندوتیژییەکانی نێو خێزان.

لە ماددەی سێیەم لە بڕگەی دووەمی ئەم یاسایەدا هاتووە : (پێویستە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم شوێنی حەوانەوە بۆ قوربانیانی توندوتیژی خێزانی دابین بکەن)، لە بڕگەی سێیەمدا هاتووە: قوربانیانی توندوتیژی خێزانی هاوکاری تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە بۆ جێبەجێ کردنی ناوەڕۆکی ئەم بڕگەیە لە یاساکە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی ڕێنمایی ژمارە (2) ساڵی (2014) بۆ دروست کردنی ماڵی داڵدەدانی ژنانی هەڕەشەلێکراودەرکرد، بۆ ئەم مەبەستە لە هەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان فەرمانگەی تایبەت دامەزرا بە ناوی ماڵی داڵدەدان (شەڵتەر)، کە ماڵێکی نهێنی پارێزراوە تایبەتە بۆ لە خۆگرتنی ژنانی هەڕەشە لێکراو، ئەو ژنانەی کە کێشەی کۆمەڵایەتییان هەیە بە مەبەستی پاراستن و بەدواداچوونی کێشەکانیان و پەرەپێدانی تواناکانیان تا کێشەکانیان بۆ چارەسەر دەبێت و دەگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگاو خێزان .

ئەم ماڵە (شەڵتەر) بە فەرمانی دادگای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کەیس وەردەگرێ و وەزارەتی ناوخۆ ئەرکی پاراستنی لە ئەستۆدایە، ئاستەنگ هەیە لەم بەشە وەک کردنەوەی خولی تایبەت بۆ فەرمانبەران لە بوارەکانی (یاسایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی ئیداری)، هەروەها هەندێ جار دادوەر کەیسی وا ڕەوانەی شەڵتەرەکان دەکات کە لەگەڵ ناوەڕۆکی یاسای شەڵتەرەکان و ڕێنماییەکان ناگونجێ .

بۆ ئەم مەبەستە لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی (4) ماڵی داڵدەی ژنانی هەڕەشە لێکراو کراوەتەوە لە شارەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەلار) لە سێ پارێزگاکە هەمیشەییە، بەڵام لە شاری کەلار تەنیا بۆ ماوەی (٧٢) کاتژمێر کەیسەکان وەردەگرن ئەگەر لەو ماوەیەدا کە کێشەکە چارەسەر نەکرا ئەوا لەلایەن دادگاوە کەیسەکە دەنێردرێتە شاری سلێمانی .

**ئاماری شەڵتەرەکان بۆ ساڵی ( 2017 ) بەم شێوەیەیە**

| شوێن | ژمارەی ئافرەت | ژمارەی منداڵ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| سلێمانی | لە کۆی (536) کەیس (200) کەیسیان چارەسەر کرا | لە کۆی (٩٣) کەیس (50) یان لەگەڵ دایکیان گەڕاونەتەوە نێو خێزان | 336 کەیس ماوە |
| دهۆک | 251 | 63 | 314 |
| گەرمیان | لە کۆی (٣٢) کەیس (26) کەیسان چارەسەر کراوە (6) کەیسیش چارەسەر نەکراوە . | 3 | 35 |

**ئەنجوومەنی باڵای کاروباری خانمان(لایەنی پەیوەندیدار):** باڵەخانەی شەڵتەرەکان تا رادەیەکی زۆر گونجاوە بۆ نموونە لە سلێمانی دوو بینایەی شەڵتەر هەیە کە یەکێکیان حکومەت بەرپۆەی دەبات یەکێکی دیکەیان هی رێکخراوە. هەروەها لە دهۆك شەڵتەر بینایەی بۆ کراوە، بەڵام لەبەر ئەم بارودۆخەی ئێستای کوردستان و قەیرانی دارایی راوەستاوە. لە هەولێریش شەڵتەرەکان کێشەی بینایان نییە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەنجومەنی باڵای خانمان داوایان لە خودی شەڵتەرەکان و وەزارەتی کار وکاروباری کۆمەڵایەتی کردووە بە پرۆژەیەك چی پێداویستیان هەیە بۆمان بنێرن، ئەوان لە پرۆژەکەیاندا تەنها داوای پاراستن و خزمەتگوزاری رۆژانەیان کردووە.

لە یەکێك لە بەندەکانی بڕیاری 1325ی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە خۆپاراستن هاتووە کە دەتوانرێت بە زۆر لایەن جێبەجێ بکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش و بە سوود وەرگرتن لەو بەندە پرۆتۆکۆلێك لە نێوان وەزارەتەکانی (ناوخۆ، کار) و بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی خانمان و بە هاوکاری رێکخراوی (UN WOMAN)واژۆ کراو ئێستا لە بواری جێبەجێکردندایە کە پشکێکی زۆر باشی بۆ خزمەتی شەڵتەرەکانە.

رێژەی ئەو ئافرەتانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە و لە شەڵتەرەکان دادەنرێن، بە شێوەیەکی بەرچاو نییە کە مایەی باس کردن بێت، لەوانەیە چەند حاڵەتێك بێت، ئەویش لەبەر نەبوونی نەخۆشخانە یان ناوەندێکی تایبەت بەم نەخۆشیە ئەوا یان دەبرێتە شەڵتەر یان بەندیخانەی ژنان.

بەپێی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی وەزارەتی تەندروستی بۆی هەیە نەخۆشخانەیەکی چارەسەری دەروونی دابمەزرێنێت. لەم بارەیەوە لیژنەیەك لە نوێنەری وەزارەتەکانی (ناوخۆ ،پەروەردە،کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، خوێندنی باڵا، داد، ئەنجومەنی خانمان)، بەسەرۆکایەتی وەزیری تەندروستی پێکهێنرا، ماوەی دوو ساڵە کارە سەرەکییەکانی لیژنەکە و پرۆژەکە تەواو بووە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی جێبەجێ نەکراوە.

**رەوشی منداڵان:** بۆ پاراستنی مافی منداڵانی کوردستان لە زۆر ڕووەوە خزمەتگوزاری پێشکەش بە منداڵانی کوردستان کراوە و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە کار و چالاکییەکانیان دەکات لەم بارەوە:

**یاسای پاراستنی مافی منداڵ:** سەبارەت بە (یاسای پاراستنی مافی منداڵ) ڕەشنووسی ئەم یاسایە پێش 4 ساڵ ئامادە کراو ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران کرا لە فەرمانگەی یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران ووردبینی کراوە. ئێستا گەڕێنراوەتەوە بۆ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و لەسەر چەند تێبینی یەك کە داوای ڕاو سەرنجی هەمان وەزارەت دەکەن، ئێستا لە بۆردی یاسایی وەزارەت بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسیف دراسەتی دەکەن. پاش تەواو بوونی داڕشتنی کۆتایی ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران ئەکرێتەوە. ئەو کات ئەبێ ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان بکرێ بۆ دەرچوونی یاساکە. لەم کاتەدا وەزارەتمان لەگەڵ ڕێکخراوی یونسیف ڕەشنووسی سیاسەتی ستراتیژی پاراستنی مافی منداڵان داڕێژراوە پاش چەندێك ۆرك شۆپ لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ئامادە دەکرێ و ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێ بۆ بڕیاردان لەسەری.

- داڕشتنی ڕەشنوسی یاسای پاراستنی مافی منداڵان لە هەرێمی کوردستان، بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف و وەزارەتەکانی (کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، پەروەردە، تەندروستی، ڕۆشنبیری و دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی منداڵپارێزی کوردستان و جیهانی) نوسراوەتەوە پاش ئەنجامدانی چەندین وۆرك شۆپ و

کۆبوونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکان و لایەنە یاساییەکان ئەم یاسایە لە ساڵی(2013) ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کرا پاش پێداچوونەوە ئەنجوومەن تێبینیان لەسەر بەند و مادەکانی ڕەشنووسەکە هەبوو و لە کۆتایی ساڵی (2015) نێردرایەوە بۆ وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پێداچوونەوە ئێستاش لەلایەن بۆردی یاسایی دراسەت دەکرێ و پێداچوونەوەی بۆ دەکرێ.

- داڕشتنی سیاسەتی نیشتمانی پاراستنی منداڵ کە لە کۆتایی ساڵی (2014) واژۆی لەسەر کراوە بەهەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوی یونسێف و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی حکومەتی فیدراڵ، بەڵام تا ئێستا نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردنەوە.
- لە ڕۆژانی (3 ـ 5 / 5 / 2016) بە هاوکاری ڕێکخراوی یونسیف و ڕێکخراوی پەنابەران سەر بە یوئێن و ژمارەیەک ڕێکخراوی ناوخۆیی تایبەت بە منداڵان وۆرکشۆپێک کراوە بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی ستراتیجی بۆ پاراستنی منداڵانی بێ سەرپەرشت و ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و لە ئەنجامی شەڕ ئاوارە دەبن و لە خێزانەکانیان دادەبڕێن ئامانجی ۆورکشۆپەکە دانانی بەرنامەیەکە بۆ پاراستنی منداڵان لە کاتی ڕووداوە نەخوازراو و قەیرانەکان.
- لە وەزارەتی کارو باری کۆمەڵایەتی (لیژنەی پاراستنی مافەکانی منداڵ) بە نوێنەرایەتی وەزارەتەکانی ( کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردە، ڕۆشنبیری و لاوان، داد، ئەوقاف، دەستەی مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی یونسێف و ئەنجومەنی خانمان) دانراوە و بەدەوری کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدەدات، ماوەک لیژنەکە وەستا بوو، بەڵام لە ئێستادا کۆبوونەوەکانی دەست پێکردۆتەوە.

جگە لەو کار و چالاکیانە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی چەند دامەزراوەیەکی هەیە کە کارو خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی پێشکەش دەکەن کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- خانەی نەوجەوانانی کوڕان و کچان کە بە سیستەمی خانەکان (دور الدولة) ژمارە ( 5 لە ساڵی 1986 ) کاری لەسەر دەکرێ و ئەو منداڵانەی بێ سەرپەرشت و بێ نەوان و بە هۆی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی لە خێزانەکانیان دابڕاون لەم خانانە سەرپەرشتی دەکرێن لە بوارەکانی ( پەروەردە و خوێندن، کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری) یەوە و شوێنی مانەوە یان بۆ دابینکراوە بەڵام ئەم دامەزراوە کۆمەڵایەتییە تەنها لە شارەکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك ) هەیە.
- دابینکردنی خوێندن و ڕاهێنانەوەی جەستەیی و دەروونی بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە (نابیناو نابیست و کەم ئەندامی فیزیکی و بیرکۆڵ (ڕاهێنانەوەی مێشک) سەنتەری ئۆتیزم و لە هەر بوارێکدا بەرنامەو پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە و مامۆستا و پسپۆری تایبەتی بۆ ئامادە کراوە.
- لە بەشی چاکسازی مێردمنداڵان، ئەو منداڵانەی تاوان ئەنجام دەدەن پاش بڕیاری دادگا بۆ بەسەر بردنی ماوەی سزاکەی لە چاکسازییەکان لە (هەولێرو سلێمانی و دهۆك ) لە چاکسازییەکان لە بوارەکانی خولی ڕاهێنان و فێرکردنی کاری دەستی و هونەری خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و دەروونییان پێشکەش دەکرێ، هەروەها بە

هاوکاری وەزارەتی پەروەردە دەتوانن خوێندنیان تەواو بکەن و بڕوانامەکانیان لە وەزارەتی پەروەردە پەسەند دەکرێ.

- پێدانی مووچەی کەم ئەندامان و چاودێری خێزان بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەوانەی بێ دایك و باوکن. هەرچەندە ئێستا پێدانی ئەم مووچەیە بۆ ماوەیەکە ڕاوەستاوە لەبەر بوونی کێشە لە لیستەکان بەڵام بڕیار وایە پاش پێداچوونەوە و پوخت کردنەوەی لیستەکان و لادانی کەسانی ناشایستە مووچەکانیان پێ ئەدرێتەوە.

**<u>پێنجەم: ڕەوشی کەمپی دۆمیز</u>**

وەزارەتی ناوخۆ ئاماژە بەوە دەکات کە کەمپی دۆمیز و شێوەی دانان و ڕێکخستنی چادرەکان لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ویوئێن دانراوە بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی ناوخۆ یەکێک لە گرفتە سەرەکییەکانی کەمپی دۆمیز بریتییە لە شێوەی دابەشبوونی چادرەکان چونکە چادرەکان بەشێوەی بلۆک دابەش بوون و بە تەنیشت یەکەوەن و چادرەکان ژووری جیا و سەربەخۆیان نییە کە دەڵێن (قاعیدە) بۆ هەر خێزانێک دانراوە.

ئەمەش لەرووی کۆمەڵایەتییەوە گونجاو نییە دایک و باوک و گشت منداڵەکان بە یەکەوەن هەروەها لە نێوان دوو چادر یەک (توالێت) هەیە بۆ هەردوو ڕەگەز ئەمەش دیسان دەبێتە هۆی تێکەڵاوبوونی پەنابەران بەشێوەیەکی نەگونجاو هەرچەندە هەندێک لە خێزانەکان (توالیتی) سەربەخۆ و تایبەتیان بۆ خۆیان درووستکردووە .

سەبارەت بە هاتوچۆکردن گشت پەنابەران ئازادن بۆ چوونە دەرەوە تا کاتژمێر (10) ی شەو بەڵام ئەوانەی لە دەرەوەی کەمپ کاریان هەیە ومۆڵەتی ئاسایش و پۆلیسیان هەیە بۆ هاتووچۆ کردن تا (1) ی شەو دەتوانن بگەڕێنەوە نێو کەمپ. وەزارەتی ناوخۆ هەمیشە هەوڵ دەدات گشت ئەو کێشە و گرفتانەی لە نێو کەمپی دۆمیز و گشت کەمپەکانی دیکەی ئاوارە و پەنابەران هەیە چارەسەر بکات بۆ ئەم مەبەستەش بە فەرمانیان ژمارە (17753) لە ڕێکەوتی (2015/8/25) وبەپێی (مادده/3 یەکەم) لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (6)ی ساڵی 2009 لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی باڵای پێکهێناوە بە سەرۆکایەتی حسێن محمد فەرەج قایمقایمی قەزای سێمێل و ئەندامیەتی نوێنەری پارێزگای دهۆک، نوێنەری ئاسایشی گشتی، نوێنەری پۆلیسی گشتی، عەمید جەعفەر یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەم تۆمەتانە کە ئاراستەی حکومەتی هەرێم کراون دەربارەی کەمپی دۆمیز و ئەنجامی کۆتایی لێکۆڵینەوەکانیش ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکرێ بۆ زانینی ڕاستی و درووستی ئەم بابەتە.

**<u>پارێزگای دهۆک (لایەنی پەیوەندیدار):</u>** ئێستا نزیکەی (250000) هەزار پەنابەری سوری هەن لە کوردستان کە (38%) لەوانە بەسەر (9) کەمپدا دابەشکراون ( 4 لە دهۆک ، 4 لە هەولێر ، 1 لە سلێمانی ) و 62% ی تر لە دەرەوەی کەمپەکان لە شارو شارۆچکەکان دەژین. حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەوڵی بەردەوامدایە بۆ گرتنە بەری هەموو ڕێوشوێنێکی ئەمنی پێویست بۆ پاراستنی کەمپەکانی پەنابەرە سوریەکان. بۆ ئەم مەبەستەش چەندین بنکەی پۆلیس و ئاسایش و نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەت لەناو ئەو کەمپانە کراونەتەوە. لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2013 نووسینگەیەکی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی کراوەتەوە لە کەمپی دۆمیز کە گەورەترین کەمپی پەنابەرانە لە کوردستان و عێراق. ئەرکی ئەم نووسینگەیە پێشوازی کردن و وەرگرتنی ئەو سکاڵا و داواکاریانەیە کە هاووڵاتیان بە گشتی و ئافرەتان بەتایبەتی بەرزی دەکەنەوە لە بارەی توندوتیژی خێزانی یان دەستدرێژی سێکسی .

تا ئێستا هیچ سکاڵایەک دەربارەی بوونی دیاردەی بازرگانیکردن بە ئافرەتان یان دەست درێژی سێکسی یان لەش فرۆشی بۆ ئەم نووسینگەیە بەرز نەکراوەتەوە بەڵکو ئەو سکاڵایانەی هەبوون بەشی هەرەزۆریان سکاڵای ئاسایی بووە کە پەیوەندییان بە گرفت و کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتییەوە هەبووە. لەو نووسینگەیە ژمارەیەک ئافرەت کار دەکەن و هێڵێکی تایبەت تەرخان کراوە بە ژمارەی ( 07508664451) سەرەڕای هێڵی گەرمی (062165) بۆ ئەوەی لەکاتی روودانی هەر کێشەیەک پەیوەندیان پێوە بکەن.

سەبارەت بە هاتوچۆ کردن پەنابەران ئازادن بۆ چوونە دەرەوە لە کەمپەکان و حکومەت مافی نیشتەجێبوونی پێ بەخشیون بەوپێیەش دەتوانن لە هەموو ناوچەکانی هەرێم کار بکەن بۆیە ئێستا بە هەزاران پەنابەر لە دهۆک و شارەکانی دیکە بە ئازادی کار دەکەن بەڵام بۆ رێکخستنی هاتوچۆی ناو کەمپەکان و کۆنترۆڵکردنییان پەنابەران بە بەرنامەیەکی تایبەت هاتوچۆیان رێکخراوە و بەپێی ئەم بەرنامەیەی کە دانراوە بۆیان هەیە تا کاتژمێر (10) ی شەو هاتوچۆ بکەن جگە لەوانەی کە بەهۆی کاریانەوە زیاتر لە دەرەوەی کەمپەکە دەمێننەوە و مۆڵەتی ئاسایش و پۆلیسیان هەیە بۆ هاتووچۆ کردن دەتوانن تا (1)ی شەو لە دەرەوەی کەمپ بمێننەوە بەڵام هیچ کەسی دیکە کە نیشتەجێی کەمپەکە نەبێت ناتوانێت بچێتە ناو کەمپەکان جگە لە کارمەندانی حکومەت و رێکخراوە مرۆییەکان کە ئەمانیش باجی تایبەتیان هەیە بۆ چوونە ژوورەوە چونکە بۆ پاراستنی سەروماڵی پەنابەران و سەقامگیریی کەمپەکە هەموو دەرگاکان کۆنترۆڵ کراون لەلایەن هێزی ئاسایش و پۆلیس.

لەلایەکی دیکەوە هەماهەنگی تەواو هەیە لە نێوان بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە پاراستنی پەنابەران (UNHCR ) و رێکخراوە مرۆییەکان و بەشێوەیەکی دەوری کۆبوونەوەی ئەنجام دەدرێت بۆ باس کردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە پاراستنی ئافرەتانەوە هەیە لە توندوتیژی سێکسی و خێزانی و بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی کردن بە ئافرەتان بەڵام تا ئێستا هیچ لە رێکخراوە نێودەوڵەتییە سەربەخۆکان و ئاژانسەکانی یوئێن ئاماژەیان بە بوونی دیاردەی توندوتیژی سێکسی و خێزانی و بازرگانیکردنی سێکسی نەکردووە .

حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جدی کار دەکات بۆ بەرەنگار بوونەوەی هەر جۆرە توندوتیژییەک دژی ئافرەتان و بازرگانی کردن بە ئافرەتان و منداڵان و بە توندی سزای ئەو کەسانە دەدات کە تاوانەکان ئەنجام دەدەن ئەم جۆرە تاوانەنە لە کۆمەڵگای کوردستانی بە کاری نامۆ دادەنرێن و پێچەوانەی ئایین و دابونەریتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگای کوردستانییە.

چاوپۆشین کردن و ئاسانکاری کردن بۆ کاری لەشفرۆشی پەیوەندی بە مافی گشتییەوە هەیە و پەیوەستە بە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگاوە ئەو کەسەی ئەمجۆرە تاوانە ئەنجام دەدات سزا دەدرێت بەپێی یاسای (ژمارە 8ی ساڵی 1988 تایبەت بە رێگاگرتن لە لەشفرۆشی) کە لە هەرێمی کوردستان پیادە دەکرێت.

نووسینگەی (برایەتی) بەرەنگاربوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە کەمپی دۆمیز: ئەرکی ئەم نووسینگەیە چارەسەر کردنی گشت ئەو کێشە و گرفتانەیە کە رووبەرووی ئافرەتان دەبنەوە لە کەمپی دۆمیز ئەو کێشانەی لە ماوەی رابردوو بۆ نووسینگەی ناوبراو هاتووە بەم شێوەیە بوون:

- لەرێکەوتی 2014/1/1 تاکو 2014/12/31 لە نووسینگەی برایەتی (161) سکاڵای خێزانی تۆمارکراون و ژمارە تۆمەتباران (219) تۆمەتبارن و هەموویان نێردراونەتە دادگای لێکۆڵینەوە لە قەزای سێمێل.

- لەرێکەوتی 2014/1/1 تاکو 2014/12/31 لە نووسینگەی برایەتی تەنها یەک سکاڵا تۆمارکراوە دەربارەی دەستدرێژی سێکسی تۆمەتبارەکە گیراوە و رەوانەی دادگای لێکۆڵینەوەی قەزای سێمێل کراوە بەپێی یاسای (394/ر.ی.س.ع).

- لەرێکەوتی 2015/1/1 تاکو 2015/8/20 لە نووسینگەی برایەتی (130) سکاڵای خێزانی تۆمارکراون و(160) کەس بەپێی ئەم سکاڵایانە تاوانبارکراون و هەموویان نێردراونەتە دادگای لێکۆڵینەوە لەقەزای سێمێل، هیچ لەم سکاڵایانەی تۆمار کراون لەم ماوەیەدا سکاڵای دەستدرێژی سێکسی نەبوون.

- لەرێکەوتی 2014/1/1 تاکو 2015/6/30 نووسینگەی برایەتی بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوی هاریکار (820) راوێژکاری یاسایی بۆ ئاوارەکانی کەمپی دۆمیز تەرخان کردووە و لەرێکەوتی 2014/1/1 تاکو 2015/6/30 نووسینگەی برایەتی بە هاوکاری لەگەڵ رێکخراوی هاریکار (487) نوێنەری یاسایی بۆ ئاوارەکانی کەمپی دۆمیز تەرخان کردووە.

- لەرێکەوتی 2014/1/1 تاکو 2015/8/20 نووسینگەی برایەتی لەگەڵ رێکخراوی هاریکار هەڵساون بە ئەنجامدانی (100) سیمیناری جۆراوجۆر دەربارەی توندوتیژی دژی ئافرەتان.

- لە کۆی ئەو (161) سکاڵایەی کە لە ساڵی (2014) لە نووسینگەکەدا تۆمار کراون گشت سکاڵاکان کێشەی خێزانی بووە وەک ( لێدان، هێنانی ژنی دووەم، هەڕەشە کردن) و تەنیا یەکیان کەیسی دەستدرێژی سێکسی بووە و پاش ئەوەی تۆمەتبار گیراوە لەلایەن نووسینگەی توندوتیژی کەمپی دۆمیز رەوانەی دادگای قەزای سێمێل کراوە و بە بڕیاری دادگا (6) مانگ زیندانی کراوە پاشان ئافرەتی تاوانلێکراو هاوسەرگیری لەگەڵ تاوانبار ئەنجام داوە.

- بەردەوام سیمینار لە ناو کەمپ ساز دەکرێ بۆ وشیار کردنەوەی ئافرەتان و تا ئێستا هیچ بەڵگەیەک نەبوو لەسەر دەستدرێژی سێکسی بەردەوام بەدواداچوون دەکرێ بۆ زانینی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کەمپ.

**<u>بنکەی پۆلیسی کەمپی دۆمیز:</u>** ئەم بنکەیە لە رێکەوتی 2014/8/24 بە شێوەیەکی فەرمی کراوەتە و ئەرکی سەرەکی بریتییە لە پاراستنی رەوشی ئارامی و سەقامگیری و نەهێشتنی هەر جۆرە سەرپێچییەکە لەناو کەمپ و پاراستنی دام و دەزگاکانی حکومی لەناو کەمپ لە هەر رووداوێکی چاوەڕوان نەکراو هەروەها رێگری کردن لە رووداوە کۆمەڵایەتییەکان لەناو پەنابەران بۆیە مەفرەزەی پۆلیس بە بەردەوامی لەناو کەمپی دۆمیز دانراوە.

هەروەها لە ناو کەمپدا رێگە لە ئەنجامدانی هەر کارێکی نایاسایی گیراوە و یاسا لەسەر هەموو تاکەکان جێبەجێ دەکرێ بۆ ئەم مەبەستەش لە رێکەوتی کردنەوەی بنکەکەمان تاکو 2015/8/20 و لە ئەنجامی کاری بەردەوامی‌مان تاوانبار (115) گیراوە کە لە هەردوو رەگەز بوون، لەوانە (108) پیاون و (7) ئافرەتن بە تاوان و کێشەی جۆراوجۆر دوای ئەنجامدانی رێوشوێنی یاسایی بەرامبەریان هەموویان رەوانە کراون بۆ دادگا، جگە لەم ئەرکانە یەکێکی دیکە لە کارە گرنگەکانمان هەماهەنگی و هاوکاری کردنی رێکخراوە خێرخوازی و مرۆییەکانە بۆ یارمەتیدانی پەنابەران لە کەمپی دۆمیز.

**ئاسایشی کەمپی دۆمیز:** ئەرکی ئاسایش پاراستنی سەقامگیری و ئارامی ناو کەمپ و پاراستنی گیانی پەنابەرانە بە هەموو شێوەیەک، سەرەڕای رێگە گرتنە لە هەموو دیاردەیەکی نەشیاو و دوور لە دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری لەوانەش لەشفرۆشتن و ئاسانکاری کردن بۆ ئەم کارە نەشیاوە، دیارە ئاسانکاری کردن بۆ لەشفرۆشی زۆر لایەن لەخۆ دەگرێت وەک: دەستنیشان کردنی ئافرەتەکان و دابین کردنی شوێن و پەیداکردنی ئەو کەسانەی کە ئەو کارە دەکەن و دابین کردنی هۆکارەکانی هاتووچۆ، ئەم خاڵانە بە گشتی دەبنە ئاسانکاری بۆ ئەم کارە.

هەر لە چوارچێوەی ئەرکەکانمان و بەهۆی رێگری کردنمان لە ئەنجامدانی ئەم کارە نەشیاوانە زۆر جار ئاژانسەکانی (UN )سەردانیان کردووین و ئاگاداریان کردوینەتەوە کە ئەو کارەی ئێمە ئەنجامی دەدەین ئەرکێکی ئەمنی نییە، بەڵکو دەست تێوەردانە لە کاروباری ژیانی تایبەتی خەڵک و زەوت کردنی ئازادی تاکە کەسییە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئێمە بەردەوام دژی هەر کارێکی گوماناوی لەم بوارەوە ڕاوەستاوین بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکەین و خەڵکی کەمپی دۆمیز شاهێدی ئەوەن.

هاتووچۆی خەڵکی کەمپەکە بەپێی رێنمایی تایبەتە، دانیشتوانی کەمپەکە ئازادن لە هاتوچۆ کردنیان بۆ شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان و هیچ ئاستەنگێکیان بۆ دروست ناکرێت، بەڵام هاتنی خەڵکی دەرەوە بۆ ناو کەمپەکە جگە لە ئاوارەکان  قەدەغەیە و رێگا نادرێت هەر کەسێک هەر کاتێک ویستی هاتوچۆی کەمپەکە بکات تەنها ئەو کەسانە نەبن کە لە کەمپەکەدا کار دەکەن، سەرەڕای شوفێرەکانی تەکسی یان ئەوانەی کاری بازرگانی دەکەن کە ئەوانیش باجی تایبەتییان هەیە، چونکە کەمپی دۆمیز زۆر گەورەیە و بازاڕ و شوێنی بازرگانی تێدا هەیە بەجۆرێک دەتوانین بڵێین ئەوەندەی سەنتەری قەزایەک دەبێت.

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی:** سەبارەت بە دەستدرێژی سێکسی و ئیهانەکردنی ئاوارەکان، تا ئێستا لەلایەن کارمەندان و فەرمانبەرانی سەر بە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هیچ کێشەیەکی لەو جۆرە دروست نەبوو کە تۆمار کرابێت و ئەگەر کێشەش ڕوو بدات چارەسەری بۆ دەکرێت.

سەنتەری داڵدەدانی ئافرەتان لە هەرسێ پارێزگا (هەولێر، سلێمانی، دهۆک) هەیە. وەک سەنتەرێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ ئەو ئافرەت و کچانەی دووچاری کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەبنەوە و مەترسی لەسەر ژیانیان هەیە بەبڕیاری دادوەر وەردەگیرێن تا کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت. ئێستاش لەلایەن وەزارەتی کارەوە ڕێنمایی تایبەتی بۆ دەرکراوە بە مەبەستی بەڕێوەبردنی کاری ڕۆژانەیان. لە ماوەی ڕابردوودا لەم سەنتەرانە (512) کەیسی ئافرەتان چارەسەر کراون.

بەڕێوەبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە دهۆک بە هاوکاری پارێزگاری دهۆک و دام و دەزگاکانی تری پارێزگاکە خزمەتگوزاری پێویست پێشکەش بە ئاوارەکان دەکات. لەوانە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بواری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تایبەت بە منداڵان لە کەمپەکانی (ئاکرێ و دۆمیز) لەگەڵ چەند بنکەیەک لە ناوشاری دهۆک کە ڕاستەوخۆ لەلایەن فەرمانگەکانی سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دهۆک سەرپەرشتی دەکرێن، هەروەها بە هاوکاری چەند ڕێکخراوێکی دیکە لە کەمپی دۆمیز پرۆژەیەکیان هەیە بۆ کارو چالاکی منداڵان و گەنجان و (6992) کەس لە هەردوو رەگەز بەشدارییان لەم چالاکیە هونەری و وەرزش و ڕۆشنبیرییانەدا کردووە. جگە لەوەش داتاو زانیاری پێویست لە ناو کەمپەکاندا کۆکراوەتەوە هەروەها تیمی توێژەرانی دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕۆژانە سەردانی

کەمپەکان دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان و ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە دەکەن دەربارەی ئەو گرفت و کێشانەی دووچاری ئافرەتان و منداڵان دەبنەوە لە هەردوو ڕەگەز هەروەها سیمینار بۆ گەنجەکان ئەنجام دەدەن لە بوارە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندا.

**<u>بەرتیل وەرگرتن بەرامبەر بە فرۆشتنی ئافرەتان و هاوسەرگیری کاتی:</u>**سەبارەت بە هاوسەرگیری کاتی (7) مەلا (ماموستای ئایینی) لەناو کەمپ هەیە کە پەنابەران یەکەم جار دەچنە لای ئەم مەلایانە بۆ مارەبڕین و ناچنە دادگای تایبەت بۆ دروستی هاوسەرگیری (عقد زواج)، هەروەها ئەگەر کێشەش دروست بێت زۆریان دیسان دەچنەوە لای ئەم مەلایانە تەنانەت ئەگەر کێشەکەیان بگاتە حاڵەتی تەڵاقدان و جیابوونەوە، تەنیا لە هەندێک حاڵەتی زۆر دەگمەن نەبێت کە دێنە دادگا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانیان.

دەربارەی مارەکردنی ئافرەتان لە دەرەوەی دادگا، ئەمە لەناو کەمپی دۆمیز نەبۆتە دیاردە و ئەگەر هەبێت پێویستە نووسینگەی نەهێشتنی توندوتیژی و بنکەی پۆلیس مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بەڵام مارە بڕین لە دەرەوەی دادگا و لەلایەن مەلاوە وەکو دیاردە لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە و زۆرجار ئەو پەنابەرانی ڕۆژئاوای کوردستان کە بەڵگە ڕەسمییەکانی خۆیانمان بۆ دەهێنن دیارە زۆربەی هەرە زۆرین لەلایەن مەلا و لەدەرەوەی دادگا مارەکراون، بەڵام ئێمە ڕەوانەی داداگایان دەکەین بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست ئینجا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.